# لاوان بۆچی بەشداریریفراندۆمی دەستوریان نەکرد؟

## (وەلاٚمێك بە وەلاٚمەکەی مەلا بەختیار)

**بەشدار عەلی**

من و هاوتەمەنانم ( لاوانی ئەمرۆی کوردستان)دەسەلاٚتی رژێمی بەعسمان لە کوردستان نەبینیوە, کاتێك ئەم رژێمە لە کوردستان گۆری گوم کرد,من و هاوتەمەنانم منالٚ بووین,بەلاٚم بەپیٚی ئەو شوێنەوارانە کە کەلتوری بەعس لە دوایی خۆیان جێیان هێشت و میراتگرەکانی شەریان بوو لەسەر جێگرتنەوەو زیندووکردنەوەی, وە بەهۆی ئەوەی کە دایك و باوك و خوشك و براکانمان لەم سەردەمە ژیاون و بۆ ئێمەیان گێرایەوە ,بە باشی لە حوکمی بەعس تێگەیشتووین0 ئێمە رێك لە سەردەمی دەسەلاٚتی بزوتنەوەی کوردایەتی هەستمان بە بوونی خۆمان کردو چاومان لەگەلٚ هەموو تراژیدیاکانی ئەم مەملەکەتە ئاشنا بوو0 بە وەلاٚم دانەوەی پرسیاری ناونیشانی بابەتەکە,زیاتر تیشك دەخەینە سەر ئەم باسە0 مەلا بەختیار لە وەلاٚمی پرسیارێکی تەلەفزیونی کوردساتداکە لاوان بەتایبەت و بە رێژەیەکی زۆر بەشداری ریفراندۆمی دەستوریان نەکرد؟ لە وەلاٚمدا مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی(ی0ن0ك)و بەرپرسی رێکخراوە دیموکراتیەکانی ئەم حیزبەی بزوتنەوەی کوردایەتیووتی(( لاوان بیئاگان و هۆشیار نین و سەردمی رژیمی بەعسیان نەبینیوە و ...... ئەنفال و کیمیاباران و .... نەبینیوە, لەگەلٚ کۆلێك بە شان و بالٚ و قەد وقیافەی دەسەلاٚتی بزوتنەوەی کوردایەتی هەلٚدا...)) سەرەتا دەمەوێت ئەوە بلێم کە بەشداری کردن لە ریفراندۆمی دەستور و دەنگ دان بە (بەلێ)ی, هەرگیز بە مانای کۆتایی هێنان بە کارەساتەکان نیە وەکو مەلا بەختیار و بزووتنەوەکەی باسی دەکەن و نەیانتوانی دیسانەوە لەم هەلٚبژارنەش خەلٚکی پیٚ فریو بدەن, بەلٚکو بە پێچەوانەوە کارەسات و تراژیدیایی زۆر جەرگ برتر لە ئەنفال و کیمیاباران لە ئەنجامی گۆرینی هێزەکانی سەر گۆرەپانی عێراق و کوردستان بەهۆی فیدرالیزمە قەومیەکەی ئیوە کە تەنها خۆتان برواتان پێیەتی,چاوەروان دەکرێت0 مەلا بەختیار,گەر تۆزێك بە ئینسافەوە بیر بکەیتەوە و بدوێیت, ئەگەر زەرەیەك بە تەنگ ئەخلاقی سیاسی خۆتەوە بیت وراستی و واقعی سیاسی کوردستان بەم شێوە ناخوێنیتەوە , کە هۆشیارترین و بە ئاگاترین توێژی کۆمەلگای کوردستان,کە لاوانن بە بێئاگا و نا هۆشیار لە قەلٚەمیان بدەیت0 چونکە هەر لەبەر ئەوەیمۆریان لە دریژەدانی دەسەلاٚتی میلشییایی ئێوە نەداوە,چونکە مۆریان لە سەرکوتەکان و سانسۆرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیان نەداوە, چونکە خواستو ویستی ئەولاوانە جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ بووە, چونکە هیواو ئاواتی ئەوان دەستور و یاسایەکی مۆدێرن و سیکۆلار بووە نەوەك دەستوێکی ئیسلامی_قەومی0

لاوانی کوردستان لە نێو چیکلٚدانی شەروبرسیەتی و سەرکوتی خۆیان و دزی و جەردەیی و فەسادی و نا یەکسانی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی سەریان دەرهێناوە,نەوەیەکی گۆش کراوە بە هەموو تالٚی و ناخۆشیەکان,سەرەتاترین کاری رۆژانەیان پەیوەست کراوە بەسەدان قەیدو بوندو لەسەرووی ئیرادەی خۆیان تەحکم بە کارەکانیان دەکەن,جا نەوەیەك ئەمە ژیان و گەورەبونی بێت برای بەرێزم چۆن دەتوانێت بێئاگا بێت؟!

بەپێچەوانەی قسەکانی مەلا بەختیار,لاوانی کوردستان لەوپەری هۆشیاری بە ئاگایدان, دەزانن کامە هێز دیوەزمەیەکە بۆ خنکاندنیان, کە بەدرێژایی دەسەلاٚتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی نوێنەرایەتی ئەو دێوەزمەیە بووە , بە هەمووبەلگەکانی کە لەبەر دەستی هەر تاکێکی خەلٚکی کوردستانە0 دەسەلاٚتی ئەحزابی کوردایەتی کە مەلا بەختیار بە منەتەوە بەسەر لاوانی دەفرۆشێت و بەلاٚم کریاری دەست ناکەوێت چەندین جەنگی یەك لەدوایی یەکی هەلگیرساندووە و کورەی شەرەکانیشان بە لاوان گەرم کردووە . هەروەها رۆژانە بە هەزارەها دۆلار لە داهاتی ئەم خەلٚکە لە بانقەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا دەخەوێنن و بە هەزارەها لاویش لە بەردەم ساکارترین حەزەکانی لەبەر بیٚ پارەی و کەم دەرامەتی, دۆش دادەمێنیٚ و لە ناخۆشترین و دژوارتریت وەزعیەتدا رۆژ و شەو بەریٚ ئەکەن0 مەلا بەختیار راست دەکات لاوانی کوردستان ئەنفال و کیمیا بارانی بەعسیان نەبینیوە , بەلاٚم ئەنفال و بێسەرو شوێن کردنی دەورەکانی شەری پارتی و یەکێتیان بینیوەوبیریان ماوە,کە چەندە بێشەرمانە شەوانە هەلٚیان دەکوتایە سەر مالٚ و مندالٚەکانی یەکترو لە شیرینی خەودا رایاندەپەراندن و بیٚسەروشوین دەکران(کە تاکو ئیستاش سەدان کەس لە خەلٚکی کوردستان بیٚ سەرو شوێنن و تەرمەکانیشیان دیارنیە, رۆژێك دادیت ئەمانەش لە گۆرێکی بەکۆمەلٚ لە دەشتەکانی هەولێر و شاخەکانی گۆیژە دەدۆزرینەوە)لە ماوەیی ئەم 15 سالٚەییدەسەلاٚتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی, لاوان نەیانتوانی هەناسەیەکی ساف و بیٚ ترس و دلٚەراوکی هەلٚمژن0پارك و باخچەکانیان لە عاشقانی شار, لە کچ و کورانی لاو قەدەغەکرد,دینیان تێکەلٚ بە پەروەردەو فیرکردن کرد و مێشکی هەزارەها لاویان بە چیرۆکە خورافی و ئەفسانەیەکانی ئاینی و نەتەوەی و دووبەرەکیو تۆلٚە و قین ئاودا0 خوێندن و زانکۆکانیان لە لاوان نامۆ کردوبە پیٚی برپار حیزبایەتیان کردە وەزیفەی سەرەکی مامۆستاو قوتابیان,ئیتر زانست و مەعریفەو دەرچون لە زانکۆکان ئەهمیەتێکی نەماولاوان دوایی تەواو کردنی خوێندن دەبێت بیر لە گونجاوترین رێگا بکاتەوەبۆ دەرچوون لەم وەزعیەتەی

که بۆ مرۆڤ زۆر زەحمەتە بتوانێ‌گوزەری تیابکات چونکە هەر ساتێکی پڕە لە ئازاردانی ویژدانەکانمان 0 شەرمهێنەرترین یاساو دەستوری‌سەردەمی ئەنفال و کیمیابارانی بەعسیان بە شانازییەوە بەڕێوە برد, کە ئیستا مەلا بەختیار دەیەوێت جیاوازیمان بۆ بکات0 بە پشتگیری لەم یاسایانە خوێنی هەزارەها کچ و کوری لاو کرایە کاسەوەو وەکوباجێك شەرەف و ناموسی پێ کردرایەوە0 لە سەرەتای دەسەلأتی بزوتنەوەی کوردایەتی بە هەزارو یەك شێوەکەوتنە چەواشەکاری و فریو کاری بۆ بەلارێدابردنی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ بەدەست هێنانی لایەنی کەمی پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان, بەلأم لە دوایدا کە خەڵکی کوردستان بە بەڵێنە درۆییەکانیان نەوەستان ,دەستان بۆ کوشتن و بڕین و سەرکوت و داپلۆسین برد و کە تاکو ئیستاش بەردەوامن 0 ئیتر ئەگەر لاوانی کوردستان دەنگیان بەم دەستورە بدایە ئەو کاتە بێئاگاو نا هۆشیار بوون لە هەموو ئەم کوێرەوەریانەی‌کە دەسەلأتی بزوتنەوەی کوردایەتی بە سەریدا هێناون,بەلأم بە خۆشحاڵیەوەزیاتر لە 90٪ی لاوانی کوردستان لەرۆژی دەنگداندا لەجێگایی بنکەکانی دەنگدان روویان لە سەنتەرەکانی ئینتەرنێت و گازینۆو چایخانەکان کرد, وە ئەو بەشە کەمەشە کە بۆ دەنگدان چووبوون لە دوایی پەنجە مووڕەکانیان لە زمانی خۆیانەوە بە خیانەتێکان ناو برد بۆ خۆیان و هەر زووپەنجەی پەشیمانیان گەست0 بۆیەئیستا مەلا بەختیار ئاوا لێیان بە داخە!ئەمە بوو وەزعیەت و گوزەرانی لاوانی کوردستان بۆیە زۆر بە ئاگایانە مامەڵەیان لەگەڵ کەش و هەوای کوردستان کردو بەشدار نەبون لە ریفراندۆمی دەستور0بەڵی مەلا بەختیار ئێوە ویستتان بۆ بەرژەوەندی خۆتان خەڵکی کوردستان تەسلیم بە حکومەتی مەرکەزی بکەنەوە, بەلأم ریزی فراوانی لاوان و خەڵکی کوردستان بەبەشداری نەکردنیان بە (بەڵێ)ی دەستورەکەتان داوایی جیابوونەوەی کوردستان و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کرد0ریانگەیاند کە ئیتر دەسەلأتی میلشییایی و چەکداری بزوتنەوەی کوردایەتی نابێت درێژەی پێ بدرێت, ئیوە ویستان وەکو15 ساڵی رابردوو ئیسلام وەکو بەلأیەك هەر بەسەر سەری لاوانەوە بۆ زیاتر لە 15 ساڵی ترموتوربە بکەن و دونیایەك لە حەزو خۆزگە و هیواو ئاواتەکانی لاوان زیندە بەچاڵ بکات و تا پیر بوونیان لاوانی کوردستان نەتوانن لە ژێر دەسەلأتی ئیوەدا مومارەسەی خەون و خولیاکانی لاوێتیان بکەن,بەلأم لاوانی کوردستان دیسانەوە دووپاتیان کردوەکە دەستورو یاسا و داب و نەریتەکانی‌سەرچاوە گرتوو لێ‌ی قبوڵیان نیە ,بەڵکو یاساو دەستورێکی سیکۆلار و مەدەنیان دەوێت بۆ ئەوەی ماف و ئازادییەکانیان پارێزراو بێت وپەیوەندی شەخسی ئینسانەکان مەلا ومزگەوت و کەنیسەکان پەیوەندی نەبێت پێوە0

دواجار دەڵیم, کەم نین ئەو کچ و کوڕە لاوانەی‌ئەم مەملەکەتەیان لێ‌بووە بە زیندانێکی گەورەو بە هەر قیمەتێك بێت دەیانەوێت دەروازەیەك بۆ دەربازبون لەم ژیانە پڕ جەنجالیە بدۆزنەوە وچەند ساتێکی تەمەن بە خۆشی و شادی و ئازادی بەرنەسەر, زۆرن ئەو کچ و کوڕو لاوانەی بە دەسەلأتەکانی کوردایەنتی,بە داموو دەزگاو حکومەتەکانی , بە حیزبەکانی, بە سیاسەت و بەرنامەکانیان دەڵێن (نا) 0 ئەمەش لەو پەڕی لە هۆشیاری و بە ئاگاییانەوە سەرچاوەی گرتووە0

Bashdar_net@yahoo.com